# ئاسایشی سلێمانی لە هەوڵی ئاژاوەگێریدایە بۆ تێکدانی خۆپیشاندانەکە!

خۆپیشاندانەکە تا ئێستا بەردەوامە. ئاسایشی سلێمانی بە هێزێکی زۆرەوە چوار دەوری خۆپیشاندانەکەی سلێمانی تەنیوەو هەندێك لە ئاسایشەکان بەجل‌و بەرگی مەدەنیەوە خۆیان کردوە بەنێو خۆپیشاندانەکەدا، هەم بۆ دیاریکردنی کەسانێك کە بیانەوێت زیندانیبکەن‌و هەم بۆ ئەوەی کە ڕیگا بگرن لەوەی کە خەلکی زیاتر پەیوەست بێت بەخۆپیشاندانکەوە، کە زیاتر لە 2000کەس لەگەڵ خۆپیشاندانەکەو بە تەنیشتیدا دەرۆن لەترسی سەرکوتی هیزەکانی ئاسایش ناچنە نیو خۆپیشاندانەکەوە..

لەم نێوەدا کاژاو جەمال ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری ڕیکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە گەل 4 کەسی دیکەدا لەنیو خۆپیشاندانەکەدا گیراون‌و چەندین ژورنالیستیش ڕایانکردوەتا ئێستا نەبروان بۆ ئاسایش. شایانی باسە بوتریت کە 6ی بەیانی ئەمرۆ هیزەکانی ئاسایش هەلیانکوتاوتە سەر مالی چەندین کەس‌و هەلسوراوی کۆمۆنیست لە شاری سلێمانی...

ئێمە جاریکی دیکە یەکێتی نیشتمانی ئاگادار دەکەینەوە، کە هەولی گیرە شێوینی‌و ئاژاوە گێری نەدات‌و بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە لە چوارچیوەی ڕێرەوی شارستانی‌و ئاسایی خۆی لانەدات. ئەم ڕەفتارانەی یەکێتی نیشتمانی لە زیندانیکردنی بەشداربوان‌و هێنانی هیزێکی هیجگار زۆر ڕاستەوخۆ دەبیتە هۆی ئەوەی کە خۆیان ئاژاوە دروست بکەن بۆ لادانی سەرنجی خەلکی شار لە خواست‌و داواکانی خۆپیشاندەران‌و دواتریش بلێن ئاژاوەگێران ئەو کارەیان کرد... بەلام ئاژاوە گێر هەر خۆیان بوون.

ئیمە گرتنی کاژاو جەمال وئەوکەسانەی دیکەو تەواوی زیندانە سیاسیەکان ئیدانە دەکەین‌و داوادەکەین کە کاژاو جەمال‌و تەواوی زیندانە سیاسیەکان دەست بەجێ ئازاد بکریت. لەدرێژەی هەوالی خۆپیشاندانەکەی ئەمرۆ زیاتر ئاگادارتان دەکەینەوە.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/8/13